# لە شیعری هاوچەرخی ئیسپانی
# ئەنتۆنیۆ ماچادۆ

و: کامەران تاهیر



ئەنتۆنیۆ ماچادۆ

**ئاگەدار بە**

دوێنێ شەو خەونم بینی
گوێم لێ بوو خودا بەسەرمدا
هەڵدەشاخا! ئاگەدار بە
لە دواییدا خودا بوو! کەوا خەوت
من بە سەریمدا نەڕاند
رابە ئاسۆگە کەوت

## ڤالابوون

- ئیسپانیا
بە هۆی برسێتی؟
یاخۆ بە هۆی بێزاری؟
باوێشک دەدا
ئەی نۆشدار، ئاخۆ
گەدەی ڤالایە؟
یاخۆ ڤالابوون لە سەریدایە



## خوداوەند

ئەو خوداوەندەی لە خودی گشتماندایە
ئەو خوداوەندەی گشتمان چێی دەکەین
ئەو خوداوەندەی گشتمان منەی دەکەین
هەرگیز نایدۆزینەوە
سێ خوداوەندە یاخۆ سێ کەسە
بۆ خوداوەندی تاک و تەنها

## شەڕ و ئاشتی

ئەی هاوڕێیان سەرسام مەبن
تەوێڵم لۆچ بووە و کاڵ بووەتەوە
ئەز لەگەڵ خەڵکی لە ئاشتیدا دەژیم
لێ لەگەڵ ناخمدا لە شەڕدام

## ڕۆشنایی دەروون

ڕۆشنایی دەروون، ڕۆشنایی خودایە
لالە ، ئەستێرە، خۆر، چرا
مرۆڤ ڕەمەکییانە گوزەر دەکات
چرایەک لەسەر شانی هەڵدەگرێت

## هۆشیاربن


هۆشیاربن
دڵێک تەنیا بێ
دڵ نییە

## شەڕ

لەسەر گشت مرۆڤێکە
دوو شەڕ بکا!
لە خەوندا لە زۆرانبازیدا بێ لەگەڵ خودا
لە زیندەخەونیشدا لەگەڵ دەریا

## دەزانین و نازانین

فرە خاسە، کە دەزانین بادەکان
بۆ خواردنەوە بەکەڵکمان دێن
خراپییەکەش لەوەدایە، نازانین
بۆچی تینوومان دەبێ



### پەرینەوە

هەموو شتێک دەپەڕێتەوە
هەموو شتێک دەمێنێتەوە
لە ڕاستیدا جگە لە پەڕینەوە
هیچی دی شک نابەین
پەڕینەوە و ئێمە ڕێگەکان
چێ دەکەین
ڕێگەکانیش لەسەر دەریا

### ئەی هیوا... بژی

خەونم بینی، کە تۆ بە ڕێگەیەکی
سپیدا دەمبەیت
لە نێوەڕاستی کێڵگەیەکی سەوزدا
بەرەو زنجیرە شینایییەکان
بەرەو کێوە شینەکان
سەر لە بەیانییەکی هێمن
هەستم بە دەستت دەکرد، لە نێو دەستمدایە
دەستت هاوڕێ و هاوەڵە...
لە گوێچکەمدا هەستم بە دەنگە منداڵانییەکەت دەکرد
وەک زەنگێکی بچکۆلانەی نوێ
وەک زەنگی بەری بەیان
بۆ سپێدەیەکی بەهاری
دەنگ و دەستت
لە خەونا ڕاستەقینەبوون
بژی ... ئەی هیوا
کێ دەزانێ زەوی چی قووت دەدا؟!

* سەرچاوە: مختارات من الشعر الاسباني المعاصر